# Refugee agencies help and advice

November 2008 Kurdish (Sorani)

## ئایا قوربانیی هەراسان کردنی رەگەزپەرستانەیت؟

قوربانیی هەراسان کردنی رەگەزپەرستانەیت ئەگەر بەهۆی رەنگی پێست، رەگەز، نەتەوە، یان ئەو وڵاتەی لێی هاتوویت هێرشت کراوەتەسەر، تۆقێنراویت یان جوێنت پێدراوە. هەراسان کردنی رەگەزپەرستانە تاوانێکی مەترسیدارە کە دەتوانێت بە شێوەی جیاواز خۆی بنوێنێت:

**زارەکی:** تێبینی، قسە، نوکتەی ناپەسند یان هەڕەشە کردن؛
ناو و نەتەرەلێدان یان جوێندان؛

**ئازاردانی بەردەوام:** تەلەفۆن یان نامەی جوێن یان بێشەرمانە؛
فڕێدانی بەرماو لەبەر دەرگایماڵەکەت یان لە کەلێنی نامەوە؛
دەنگەدەنگی بەردەوام؛

**توندوتیژیی جەستەیی:** زیان گەیاندنی جەستەیی یان هەڕەشە کردنی زیان گەیاندن؛
زیان گەیاندن بە ماڵ یان موڵکت، بۆ نموونە شکاندنی پەنجەرە یان دەرگا؛

**نووووسینی رەگەزپەرستانە:** نووسینی جوێن لەسەر دیوار.

هەراسان کردنی رەگەزپەرستانە لە دژی یاسایە. ئەوانەی ئەم جۆرە کارانە دەکەن لەوانەیە لە دادگاکاندا سزا بدرێن. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بژێت بە بێ ئەوەی بترسێت پەلاماری خۆی یان ماڵ و حاڵی بدرێت. دەسەڵاتدارانی حکومی، وەکو پۆلیس، شۆڕای خۆجێ یی و قوتابخانەکان ئەرکیانە خۆت و خێزانت لە بەرامبەر هەراسان کردنی رەگەزپەرستانە بپارێزن و کاری پێویست لەدژی بکەرانی ئەم جۆرە کارانە بەڕێوە بەرن. کەسانێک کە بە هۆی رەنگی پێست، رەگەز، نەتەوە، یان بنەچەکی نیشتمانی پەلاماری خەڵکی تر دەدەن لە ماڵەکانیان دەردەکرێن، غەرامە دەدرێن یان دەخرێنە زیندان.

## دەتوانی چی بکەیت؟

ئەگەر پەلامار دراویت پێویستە دەست بەجێ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت. دەتوانی بچیتە نزیکترین پۆلیسخانە یان تەلەفۆن بۆ 999 بکەیت – بە پۆلیس بڵێ کە بە هۆی رەگەزایەتیەوە پەلامار دراویت. ئەگەر ناتەوێت خۆت رووداوەکە راستەوخۆ بە پۆلیس رابگەیەنیت، چەندین رێکخراو هەن کە دەتوانن یارمەتیت بدەن پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت. دەتوانیت بە شێوەیەکی نهێنی سەبارەت بە رووداوەکە قسەیان لەگەڵ بکەیت و ئەوان بەبێ رەزامەندی تۆ هیچ کارێک ناکەن. ئەم رێکخراوانە بریتین لە



Community Legal Service

Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom

خزمەتگوزاری یەک وێستگە (One Stop Service)، شۆڕای یەکسانیی ڕەگەزایەتی (Racial Equality Council)، نووسینگەی ئامۆژگاری هاوڵاتیان (Citizens Advice Bureau)، مەکۆی یاسا، مەکۆی کۆمەڵایەتی یان دەستەی پەنابەران. لەبەر ئەوەی ئەمە تاوانە، پێویستە ڕووداوەکە بە دابینکەری خانووبەرەکەت رابگەیەنیت. ڕێکخراوەکانی خانووبەرە و ڕێکخراوە بەرژەوەندی نەویستەکانی تر کە خانووبەرە بۆ خەڵکانی خاوەن پێداویستی و شۆڕا خۆجێ ییەکان دابین دەکەن ئەرکێکی یاساییان لەسەرشانە بۆ ئەوەی لە هەراسان کردن بتپارێزن.

پێویستە رۆژژمێرێک لە کات، ڕێکەوت و شیکردنەوەی وردی ئەو شتەی رووی داوە لەلای خۆت رابگریت. ئەمە یارمەتیت دەدات لەبیرت بێت بەوردی چی و لەکوێ رووی داوە و ئاستی جیددی بوونی کێشەکەت بۆ ئەو کەسە روون دەکاتەوە کە یارمەتیت دەدات.

## چۆن دەکرێت یارمەتی بدرێیت؟

چەند هەنگاوێکی عەمەلی هەن کە شۆڕای خۆجێ یی و پۆلیس دەتوانن هەڵیان بێنن بۆ وەستان لەدژی هەراسان کردن و پشتگیری کردن لە قوربانیانی هەراسان کردنی ڕەگەزپەرستانە. ئەوان دەتوانن:

- بکەرانی گومانلێکراوی هەراسان کردنەوە بناسن و کاری پێویست بکەن؛
- داوا لە خاوەن موڵکەکان بکەن دەرەتانی پاراستنی ئاسایشی زیاتر بۆ ماڵەکانیان دابنێن؛
- ئەگەر ملهوڕی لە منداڵێک بکرێت بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە یان قوتابخانە ئاگادار بکەن؛
- بۆلای ئەو ڕێکخراوانەت بنێرن کە دەتوانن پشتگیری و راوێژکارییەکی زیاتری پێشکەش بکەن.

## پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوی پشتگیری لە قوربانی (Victim Support)

ئەگەر پێت وایە بوویتە قوربانیی تاوان یان ڕووداوێکی ڕەگەزپەرستانە، دەتوانیت پەیوەندی بە پشتگیری لە قوربانیانیشەوە بکەیت کە ڕێکخراوێکی نیشتمانییە بۆ پشتگیری لە قوربانیانی تاوان. ڕێکخراوی پشتگیری لە قوربانیان پشتگیری عاتیفی، زانیاری و یارمەتی عەمەلی دەستەبەر دەکات. ئەگەر پێویست بێت، ئەوان دەتوانن لەجیاتی تۆ پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی ترەوە بکەن، وەکو پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە. دەتوانی بەم ژمارەیە 900 3030 0845 پەیوەندی بە پشتگیری لە قوربانیانەوە بکەیت. ئەگەر ئینگلیزی نازانیت، دەکرێت وەرگێڕێکت بۆ دەستەبەر بکرێت. دەبێت پێیان بڵێیت بە چ زمانێک قسە دەکەیت و ژمارەی تەلەفۆنی خۆتیان پێ بدەیت و راوێژکارێک لەگەڵ وەرگێڕێک تەلەفۆنت بۆ دەکەنەوە.

لەبیرت بێت. هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کراوە دەتوانن ئامۆژگاریت پێشکەش بکەن. بۆ دۆزینەوەی ژمارەی تەلەفۆنیان دەتوانی بچیتە کتێبخانەی خۆجێ ییت یان سەیری رابەری تەلەفۆن بکەیت.

Asylum Support Partnership consists of:

Migrant Helpline, charity number: 1088631 www.migranthelpline.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org